# ناسنامەی ژن و فێمینیزمی کوردستانی

**عادڵ کەریمی**

دکتورای ڕاوێژکاریی – سەقز

gir2681@gmail.com

**پوختەی توێژینەوە**

شاڵاوی ئیدیۆلۆژییەکان بەرەو کوردستان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - سیاسیی کوردستاندا کاریگەریی بەرچاوی بووە. یەک لەو ئیدیۆلۆژیانە فێمینیزمە. بیرمەند و چالاکی بواری ژنان لە کوردستاندا چۆن ناسنامەی ژنی کوردستانی دەکاتە پێناسەی فێمینیزم لە کوردستاندا؟ بە ئاوڕدانەوە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی- سیاسی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ەوە تا بیستەکانی سدەی ٢١ ڕەهەندەکانی بەریەککەوتنی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان و ئیدیۆلۆژییەکان دەسنیشان دەکرێت. هاوردەکردنی فێمینیزم بە شێوەی ناتەواو لە پاڕادایمە جیاوازەکان و ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە و هەوڵ بۆ سەپاندنیان بە سەر ناسنامەی ژندا لە کوردستان، ئاڵۆزیی هزری و بێسەروبەرەیی چالاکیی مەدەنیی لێکەوتووەتەوە. بۆ دەرباز بوون لەم ئاڵۆزییە لێکۆڵەری کوردستانی پێویستە بە ڕۆچوون لە مێژووی کۆمەڵایەتیدا، دەور و زەین و شێوەڕوانینی ژن لە کوردستاندا لێک بداتەوە و ناسنامەی ژنی کوردستانی دیاری بکات. ئینجا بە خاوێنکردنەوەی ئیدیۆلۆژیی فێمینیزم لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر کوردستاندا و پەیوەسکردنی بە ناسنامەی ژنەوە، فێمینیزمی کوردستانی وەکوو دەزگایەکی مەعریفی دامەزرێنێت. ئەم وتارە ئەم خاڵانە ١- یەکەی شیکردنەوەی کوردستان بۆ مەودای لێکۆڵینەوە و لێکدانەی دیاردە و خەسارەکۆمەڵایەتییەکانی بواری ژنان،٢- جمگەبەندیی زانست و مەعریفەی بەرهەمهاتوو لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان بۆ ژێرخانی مەعریفی، ٣- هەڵێنجانی نوێ لە چەمکی ژن لە قووڵایی مێژووی کۆمەڵایەتی- ئابووری- سیاسیی کوردستانەوە تا ئەم سەردەمە و ٤- کارلێکی سێ خاڵی پێشوو پێکەوە بە پێی میتۆدی زانستی، وەکوو خاڵە بنەماییەکانی فێمینیزمی کوردستانی دەسنیشان دەکات.

وشە سەرەکییەکان؛ ناسنامەی ژنی کوردستانی، فێمینیزمی هاوردە، فێمینیزمی کوردستانی

**Summary of Research**

The rise of the ideology towards Kurdistan has had a significant impact on the social and political structure of Kurdistan. One of these is feminism. How do you define the identity of women in Kurdistan؟ By looking at socio-political change from the late 19th century to the twentieth century، the dimensions of the conflict between the structure of Kurdistan society and ideologies are determined. The importation of feminism in an incomplete way from different institutions and centers of power and attempts to impose them on women's identity in Kurdistan has resulted in the complexity of thought and the recklessness of civil activity. In order to escape this complexity, the Kurdistan researcher must analyze the surroundings and styles of women in Kurdistan by going through social history and identifying the identity of Kurdish women. Then by cleaning the ideology of feminism in the centers of the dominant authority over Kurdistan and The relationship between women's identity and the kurdish feminism is a foundation of knowledge. This article presents these points 1- Kurdistan Analysis Unit for the study and analysis of the social phenomena and losses in the field of women, 2- the integration of science and knowledge produced in different parts of the world for the knowledge infrastructure, 3- The new evolution of the concept of women from the depth of the socio-economic and political history of Kurdistan to the present day, and 4- the previous three-point interaction with the scientific method, as the fundamental points of Kurdistan feminism.

Key words: Kurdish women's identity, imported feminism, Kurdistan feminism



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

پێشەکی:

شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەر بابەت، چەمک، دیاردە و ڕووداو پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ پێشمەرجی زانستی و میتۆدۆلۆژییانە هەیە. چییەتی و چۆنیەتیی بابەتی لێکۆڵینەوە شێوازی لێکۆڵینەوە دیاری دەکات. چییەتی و چۆنیەتی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بەستێنی دیاردەکەوە هەیە. تەنانەت ئەگەر بابەت چەمکێکی تیۆری بێت، پێویستە بەستێنە تیۆری و دەرکەوتەی لە ئاستی کردەکیدا، لە بەستێنە جیاوازەکاندا لێک بدرێتەوە. بەستێن فرەڕەهەندە و بە پێی بابەت ژمارە و ئاستی ڕەهەندەکان لێک دەدرێنەوە. توێژینەوەی قووڵ و تۆکمە بەندە بەوەی لە قووڵایی مێژوویی، بەستێن، و بابەت و بەستێن پێکەوە وەکوو یەکەیەک لەبەرچاو بگیردرێت. ژن ڕەگەزێکە لە مرۆڤ. جۆری مێ لە ژن جیاوازە. بە پێی دابەشکاریی نێر و مێ، بەشی ژینداری سروشت لە لێک ئاڵانی نێر و مێ پەرە دەستێنێت. بەڵام ژن وێڕای " مێ بوون" ڕەهەندی مرۆڤانەی هەیە. لە سیستەمی کۆمەڵایەتی- زەینی- ناسنامەییدایە کە نێر و مێ بە ژن و پیاو دەگۆڕدرێت. ژن ناسنامەیەکی فرەڕەهەندە کە ڕەهەندەکانی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، کەلتووری، سیاسی و... ، لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا، ناسنامەی ژن پێک دێنن. ئەم ڕەهەندگەلە لێک جودا ناکرێنەوە و توێژینەوە لەسەر هەر ڕەهەند جودا لەوانی تر ئاکامی هەڵەی دەبێت. ژن بۆیە فرەڕەهەندە، بەستێنەکەی ژیانی فرەڕەهەندە. هەر تاکێک لە ژنان بە پێی ئەو بەستێنە خۆی لە پێناسەیەکدا دەبینێتەوە یان پێناسەی خۆی دادەهێنێت. لەڕاستیدا ژن واتای خۆی لە بەستێنەکەی وەردەگرێت. واتە، وێڕای ئەوەی لەشی لە سروشت وەرگرتووە، لە پێش بوونیەوە دەبێتە بەشێک لە سیستەمی واتایی و زمانیی مرۆڤ. بۆ وێنە بە ژنی دووگیانیان دەگوت و دەگوترێت " خودا کوڕت پێ بدات." . ئەمە داوەریی کۆمەڵگایە لەسەر ڕەگەز. هەر بۆیە ڕەگەز (Gender) لە ناسنامەی ڕەگەزی (Sexual Identity) جودا دەکرێتەوە. لەم وتارەدا دەپەرژێینەسەر ناسنامەی ڕەگەزیی ژن لە کوردستان و پەیوەندیی لەگەڵ ئیدیۆلۆژیی فێمینیزمدا. هەرکام لەم دووانە پێشینەیەکیان هەیە و تێگەیشتن لە پێشینەیان دەروازەی تێگەیشتن لە چۆنیەتیی بەریەک کەوتنیانە. خوێندنەوەی ڕابردوو پێویستیی بە دیاری کردنی سۆنگە و دیسکۆرس هەیە. دیسکۆرس واتە داڕشتنەوەی جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان چەمک، دیاردە و ڕووداوەکان- لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە- لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە. دیسکۆرس پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئیدیۆلۆژییەوە هەیە.

لە هەنگاوی یەکەمدا دیاری دەکرێت کە لە چ سۆنگەیەکەوە بۆ ناسنامەی ژن و فێمینیزم دەڕوانین کە پشت بەستوو بە زانست و میتۆدۆلۆژی بێت. میتۆدۆلۆژی لە قۆناغی یەکەمدا، لە هەر توێژینەوەیەکدا، بۆ گشتاندنی ئاکام بە سەریدا، مەودا و بەستێنی لێکۆڵینەوە دیاری دەکات. واتە جڤاک (Population) بریتییە لەو ئەندامانەی لە یەک تایبەتمەندیدا هاوبەشن و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوانە. یەکەی شیکردنەوە (Unit Analesis) و جڤاک لە سنووری توێژینەوەدا یەک دەگرنەوە. لەم توێژینەوەدا ژن و فێمیزنیزم دوو چەکی بابەتەکەن، کۆمەڵگای کوردستان یەکەی شیکردنەوەیە و ئەندامانی کۆمەڵگای کوردستان جڤاکی لێکۆڵینەوەن. لە بەستێنی ئاڵۆز و ناڕوون بۆ لێکۆڵینەوەدا دەسنیشان کردنی یەکەی شیکردنەوە و بە بنەما گرتنی لە گشت چالاکی و دەست تێوەردان و لێکدانەوەکاندا، نەک ئاڵۆزی دەڕەوێنێتەوە، تەنانەت توێژینەوەکە زانستی و بەکەڵکتر دەکات. هەڵبەت یەکەی شیکردنەوە لەسەر بنەمای لۆجیکی لێکۆڵینەوە دەسنیشان دەکرێت. کوردستان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی- کەلتووریی جیاواز لە دراوسێکانی، لە بیچم و پێکهاتە و پەیوەندیی سیاسی لە حاند ناوەندەکانی دەسەڵاتی پێش مۆدێرن و مۆدێرنەوە تا ئێستە، بۆ توێژینەوە لەسەر دیاردە مرۆڤییەکان پێویستە بە یەکەی شیکردنەوە دیاری بکرێت.

لە پاژی یەکەمی وتارەکەدا خەسارناسیی دۆخی هەنووکە دەکرێت. پاژی دووەم لە چەند بەش پێک دێت. لە بەشی یەکەمی پاژی دووەمدا یەکەی شیکردنەوە و میتۆدی توێژینەوە و لە بەشی دووەمدا وێنا و ناسنامەی ژن لە کوردستاندا دەخرێتە بەرباس. لە بەشی سێیەمدا ئیدیۆلۆژیی فێمینیزم لێک دەدرێتەوە. بەشی چوارەم بریتییە لە دەروازەیەک بەرەو فێمینیزمی کوردستانی. بە ئاکام و پێشنیارەکان بۆ لێکۆڵینەوەی دواڕۆژ وتارەکە کۆتایی دێت.

**پاژی یەکەم؛ کێشەی مەعریفی- زانستی و بێسەروبەرەیی کردەوە و چالاکی**

لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا، سەرەڕای دەست تێوەردان و ئەندازیاریی ڕۆم و عەجەم (کوردەکان بە سەردەستانی کوردستانیان دەوت.)، ژیان پەیوەست بە ژینگە و کەلتووری کوردستانەوە بەردەوام بوو. ئەم بۆچوونە لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی(چەلەبی، ٢٠١٨، ل 75)، عادات و ڕسووماتنامەی ئەکرادیەی مەلا مەحموودی بایزیدی(بایزیدی، ٢٠١٥) یەوە دەتوانین بهەڵنجێنین. بەڵام بە هەرەسی میرنشینەکان و داگیرکاریی ڕاستەوخۆی کوردستان(کەریمی، ٢٠٢١)، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- ئابووریی کوردستان گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەسەردا هات. وێڕای داگیرکاریی ڕاستەوخۆ، گۆڕانکارییە جیهانییەکان و کایەی زلهێزان لە شلەژانی کۆمەڵایەتی- ئابووریی کوردستاندا کاریگەر بوون. هۆکارێکی تر ڕەوتە هزری-

ئایدیۆلۆژییە گشتگیرەکانن کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ەوە تا ئەم سەردەمە(سییەکانی سەدەی ٢١) تەشەنەیان کردووە و کوردستانیشیان گرتووەتەوە.

داگیرکاریی ڕاستەوخۆ و هەوڵ بۆ دامەزراندنی سیستەمی دەسەڵاتداریی ناوەند- تەوەر لە کۆتاییەکانی تەمەنی عوسمانی و قاجاڕدا دەستی پێ کرد. بەو پێیە سیستەمی پەروەردە، ئابووری و پیشەسازی، دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان کەوتنە ژێر بڕیار و سیاسەتی ناوەندی دەسەڵاتەوە. بڕیار و سیاسەتی ناوەندەکانیش بۆ ئەوەی لە لایەکەوە تەنیا لاسایی کردنەوەی ناتەواو لە ڕۆژئاوا بوو و لە لایەکی ترەوە بە سەرکوت کردنی نەتەوەکانی بندەست و چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا جێبەجێ دەبوو، لە گشت لایەنەکاندا خەساری لێ کەوتەوە. کایەی زلهێزان کوردستانی لە کاروانی مۆدێرنیتە پاش خست و کردیە پاشکۆ و پەراوێزی دەوڵەتانی تر. شاڵاوی ئایدیۆلۆژییەکان لە ناسیۆنالیزمەوە تا سوسیالیزم، بە خەساری بنەماییەوە کوردستانیان گرتەوە.

ئەو ئایدیۆلۆژییانەش لە ڕێڕەوی ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە هاوردە/ هەناردە دەکران. ناوەندگەلێک کە خۆیان بە ناتەواوی وەریانگرتبوو. بۆ میناک، مارکسیزم لە حیزبی توودە و شیوعی و کۆمۆنیستی ئێراق و کۆمۆنیستی سووریاوە وەردەگیردرا و دەقاودەق بە سەر کوردستاندا دەسەپێنرا. دووەم؛ پەیوەندیی بووناسانە و زانستیی ئەو ڕێبازگەلە لەگەڵ کوردستاندا لەبەرچاو نەگیران. فێمینیزم ، دواتر بەڵام هەر بەو شێوازە، بەو دوو خەسارەوە، هاتە بەستێنی کۆمەڵگای کوردستانەوە. وەکچۆن ئەوانی تر لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە خەساری گوچکبڕیان لە کوردستان دا، فێمینیزمی ناتەواوی هاوردەش نەک بۆ پرس و کێشەکانی ژنان چارەسەری ئەوتۆی پێ نەبوو، خەساریشی لێ کەوتەوە. میکانیزمەکانی پیشەسازیی کەلتووریی ناوەندەکانی دەسەڵات لە زەینی تاکی کورددا سۆنگەی ڕوانین بە جیهانیان شێواند. واتە تاکی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕێڕەوی زانکۆی ئەلموستەنسەرییە و دەنگی بەغداوە، بەو ڕاوێژ و مەبەستەی دەسەڵاتی بەغدا دەیویست، لە جیهان تێدەگەیشت. وەک پێشتر وترا ئەو ناوەندگەلە زانیاری و زانست و ئایدیۆلۆژییان بە ناتەواوی لە ئاخێزگەوە وەردەگرت و تێکەڵ بە مەبەست و ئاراستەی پاراستن و بەرژەوەندیی خۆیان لە جوگرافیای ژێردەسەڵاتی خۆیاندا بڵاویان دەکردەوە. بۆ میناک لە دەورەی پەهلەویی یەکەمدا بە هەر شێوازێک بووایەت ناوچە نافارسەکانیان ڕاکێشی فێرگە و کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەکرد بۆ ئەوەی یەکدەستیی کەلتووری، بە پێوەری زمانی فارسییەوە جێگیر بکرێت(ڕەسووڵی، دێهقانی و کەریمی، ١٣٩٥ی کۆچیی هەتاوی[ ٢٠١٦]). لە ٤٠ەکانی سەدەی ٢٠ بەم لاوە تا ئێستە، بە هۆی ئاڵۆزیی مەعریفی ونازانستی بوون و دابڕانی چالاکیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا، نە لایەنی ئەرێنیی ئایدیۆلۆژی بۆ چاکسازیی کۆمەڵگا بە گەڕ کەوتووە، نە پێش بە پەرەسەندنی خەسارەکانیشی گیراوە. هاڵۆزبوونی کۆمەڵگا و ناڕوونی و دژوازی لە دەورگێڕانی کۆمەڵایەتیدا و پەروەردە نەکرانی ژن بۆ ئەم بارودۆخە، وێڕای چالاکیی لەخۆبوردووانەی بواری ژنان، ژن بووە بە ئامرازی بزاڤە ئایدیۆلۆژییە ناتەواوە چالاکەکانی بەستێنی کوردستان. چەند جۆر چالاکی لە بواری ژناندا هاتوونەتە گۆڕێ. یەکەم) نووسین و بەرهەم هێنانی دەق. ئەو خوێندەوارانەی کەڵکەڵەیان بواری ژنانە و زۆربەشیان چالاکی کۆمەڵایەتین، هەوڵی نووسینیان داوە. بەڵام نەیانتوانیوە وێنەرێگەی چالاکیی کاریگەر دابڕێژن. لەم بەشەدا؛ ١- نەیانتوانیوە میتۆدۆلۆژیی زانستی بخەنە خزمەت پرسەکەوە. ئەم خاڵە بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لە ئاستی گێڕانەوە و وەسف تێنەپەڕێت. لە بزربوونی لێکۆڵینەوەی زانستیدا چالاکییەکان بوونە بە پاشکۆی شێوەڕوانین و چالاکییەکانی ناوەندەکانی دەسەڵات. ٢- چالاکییەکان بێکەڵک و پەرتەوازەن. چالاکییەکان و بەگشتی پرسی ژن بوونە بە ئامرازی کەڵکاژۆی ئەو ڕەوتانەی کە بۆخۆیان لە باری ئایدیۆلۆژییەوە ناتەواون. ڕوانگەی نەریتی بە ژن کە لە ئاییندا زەق دەبێتەوە، لە چەپی جیهان سێیەمی، نەتەوەخوازیی ناتەواو(حیزبی- خێڵەکی) و درێژکراوەی ڕەوتەکانی ناوەندی دەسەڵات(وەکوو ڕێفۆرمیستەکانی ئێران کە هەندێ کوردیان لە خۆ گرتبوو) ڕەنگ ئەداتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ونبوونی پرسی سەرەکی. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەساری خەتەنەکردنی ژنان لە ماوەیەکدا ورووژا. پەیامی ئەو دەقانە ئەمەیە کە کۆمەڵگای کوردستان دژەژنە. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەم دەرهاوێشتە (فامیلی، 2008) لە هەڵێنجانی زانستییەوە دێت یان نا؟ جودا لە کەڵکاژۆی تاکەکەسی، ڕەشکردنی پێکهاتەی ناسنامەیی کوردستان دەچێتە خانەی بەرژەوەندیی چ لایەنێکەوە؟ ڕەسووڵی و هاوکارەکانی(٢٠١٦[ ١٣٩٥ی کۆچیی هەتاوی]) لە توێژینەوەکەی خۆیاندا بە پەراوێزکردنی ناوچەکانی تری ئێران لە سەردەمی پەهلەویدا دەسەلمێنن. ڕوانین لە ناوەندەوە بۆ پەراوێزلە چالاکیی بواری ژناندا- دەق و کردەوە- لە سۆنگەی ناوەندەوە دێتە بەرهەم. لێرەدا خاڵی هاوبەش خواربینینی کوردستانە. ژنکوژی، ئازار و چەوساندنەوەی ژنان لە نووسراوە و ڕاگەیاندنەکانی چالاکاندا زەق دەکرێتەوە و وێڕای کاناڵ و میدیای حکوومی و ناحکوومیی ئێرانی، هەندێ جار لە کاناڵگەلێک وەکوو بیبیسیی فارسیشەوە بڵاو دەکرێتەوە. نازانستی بوون دەبێتە هۆی دژکردەوەی سۆزدارانە. بۆ وێنە؛ چالاکێک لە دژکردەوە بە سووتاندنی کچێک بە دەستی دەزگیرانەکەی وتی" کورد لە ژنکوژیدا داهێنەرە". ئەگەر ئەم چالاکە زانیاریی بەربڵاوی هەبوایە، تێدەگەیشت ئەم خەسار/ تاوانە کەم تا زۆر لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە و تایبەت بە یەک کۆمەڵگا نییە. دژایەتی لەگەڵ کۆی کەلتووری کوردستاندا نەک چارەسەر نییە، بەڵکوو دەچێتە خانەی بەرژەوەندیی "ئەویتر"ەوە. دابڕان و

دژکردەوەی سۆزدارانە خەساری ناوخۆییشی هەیە. جمشتی کۆمەڵایەتیی نیمچەنەریتیی کوردستان لە بزاڤە ئایینی و نائایین و دژەئایینە نوێکان جێگیرتر و سەقامگیرترە. بێ خوێندنەوەی زانستیانەی کۆمەڵگای کوردستان و داڕشتنی پلان بە پێی ئەو خوێندنەوەیە، پرسی ژن ناکەوێتە ڕێڕەوی مۆدێرنەوە. ئەم خەسارە ڕەوت و لایەنەکانی تریش دەگرێتەوە. لە نەتەوەخوازییەوە هەتا کۆمۆنیزم، واتە ئیدیۆلۆژییە هاوردەکان کە ناسنامەی کوردستان وەرناگرن و نکۆڵیی لێ دەکەن، ئەو چالاکانەیق کە خۆیان بە کوردستانەوە پێناسە دەکەن، دەکەنە ئەویتری خۆیان.

**پاژی دووەم:**

ئەم پاژە گرینگی و ئامانجی بابەتەکە و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە و وەڵام دانەوەی پرسەکە دیاری دەکات.

میتۆدی لێکۆڵینەوە و یەکەی شیکردنەوە:

دیاری کردنی بەستێنی لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوە بنەمایە. لە زانستە مرۆڤییەکاندا کە لە مێژوو، دەروون، سیاسەت، کۆمەڵ، ئابووری و... دەتوێژێتەوە، پێویستە Population یان Unit Analesis دیاری بکرێت. کۆما و یەکەی شیکردنەوە لەوێدا یەک دەگرنەوە کە بابەت یان دیاردەیەک لە کۆمادا دەسنیشان دەکرێت. لە توێژینەوەی چەندێتی(Quantitative)دا نموونەیەک بە هەڵکەوت هەڵدەبژێردرێت و توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و ئاکامەکەی بە سەر کۆمادا دەگشتێندرێت. لە توێژینەوەی چۆنیەتی(Qualitative)دا جۆری بابەتەکان جیاوازە و ئاکام بە ژمارە نییە و چەندێنی دیاری ناکرێت و بە سەر کۆمادا ناگشتێندرێت. لە میتۆدی لێکرداو(Mixed Method)دا هەر دوو ڕەهەندی چۆنییەتی و چەندێتی بە کار دەبرێێت. هەر سێ شێواز بە پێی بابەت گرینگن(کرێسوێڵ، ٢٠١٨)، بەڵام بۆ سازکردنی ڕەوتی لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکانی بەستێنی کوردستان پێویستە لە قۆناغی یەکەمدا لە توێژینەوەی چۆنیەتی، پاشان توێژینەوەی لێکدراو و ئینجا شێوازی چەندێتی کەڵک وەربگیردرێت. لە هەر سێیاندا کوردستان کۆما یان یەکەی شیکردنەوە بێت. بۆ پرسە بنەماییەکان کە توێژینەوەی ئەوتۆ نەکراوە، میتۆدی چۆنیەتی پێویستە. تا بنەمای زانستی و پێشینەی لێکۆڵینەوە لە تەوەری تایبەتدا زۆرتر بێت، هەلومەرجی میتۆدی چەندێتی زۆرتر دەبێت. یەکەی شیکردنەوە و کۆما دەتوانن جوگرافیا، شار، ڕەگەز، نەتەوە، کتێبە چاپکراوەکانی بواری مێژوو لە ٢٠ ساڵی سەرەتای سەدەی ٢١ و.... بن. دیاری کردنی لایەنەکانی پێناسەی یەکەی شیکردنەوە گرینگە. بۆ ئەوەی لە لایەکەوە جیاوازی، لێکچوون و جۆری پەیوەندی لەگەڵ یەکەکانی تردا ڕوون دەکاتەوە و لە لایەکی ترەوە سنووری جمشتی بابەت/ دیاردەی لێکۆڵینەوە لە بەستێنی یەکەی شیکردنەوە و بەشداریی لە توێژینەوەدا دیاری دەکات بۆ میناک، هەڵسوکەوتی هۆزە عەرەبەکانی خواری بەغدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەڵسوکەوتی دانیشتووانی کوردستاندا نییە. ئەگەر پێویست بێت، بە پێی بابەت، لێکچوون، جیاوازی و یان پەیوەندییان لێک دەدرێتەوە.

ئەم وتار لە قۆناغی بنەماییدایە و هەوڵ ئەدات لە ڕوانگەیەکی دیاردەناسانەوە لە ژن و بەستێنە مێژوویی- کۆمەڵایەتی- سیاسییەکەی کە یەکەی شیکردنەوەی کوردستان بێت بکۆڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بیچمێک بۆ ڕوانین بە پرسی ژن لە کوردستاندا ئاراستە دەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی یەکەی شیکردنەوە پێویستە چەند چەمک و پەیوەندیی نێوانیان لێک بدرێتەوە. جیهان- ژین، ناسنامە و ئیدیۆلۆژی. وەک هایدیگەر دەڵێت ئەوەی وا هەیە بوونی هەر لەوەدایە نەک دیارکەوتنی نیشانەیەک بێت لە "بوون". جیهان ژین بوونی مرۆڤ و ژینگەکەیەتی وەکوو خۆی. ئەزموونی ڕاستەوخۆی ژیان بە بێ نێوەنجی. لە ڕێڕەوی زمانەوە جیهان ژین دەردەکەوێت و دەناسرێت. مرۆڤ(دازاین) لە پەستێنی زماندا خۆی دەناسێت و دەناسێنێت. ناسنامە ناتوانێت بە تەواوی نوێنەرایەتیی جیهان ژین بکات. "دازاین" لە ڕوانگەی هایدیگەردا لە سێ ڕەهەندی " بوون لە ژینگە"، " بوون لە کۆمەڵگا" و" بوون لە خۆ"دا واتای هەیە. ئەم واتا لە زماندا ڕەنگ ئەداتەوە(هایدیگەر، ١٩٢٧). ئیدیۆلۆژی وەکوو پێکهاتەیەکی بەهایی کە ناوەند و سنوورە زەینییەکانی ناسنامە ڕێک دەخات، تا ڕەسەنتر لە ناسنامەوە هەڵقوڵابێت، باشتر نوێنەرایەتیی جیهان- ژین- لێرەدا کوردستان- دەکات و خاڵە سنوورییەکانی لەگەڵ سنووری ناسنامەدا یەک دەگرنەوە. لێرەدا دەردەکەوێ یەکەی کوردستان جیهان ژینێکی تایبەتە کە بۆتوێژینەوەی ڕەسەن پێویستە بە یەکەی شیکردنەوە دەسنیشان بکرێت. دواهاتی ئەم شێوەڕوانینە ڕەواندنەوەی خەسارە ئاماژەپێدراوەکانی پاژی یەکەمە.

زۆر لە خەسارە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکان لە شێوەی پەیوەندیی ئیدیۆلۆژی و ناسنامەوە سەرچاوە دەگرن. بە وتەی ئاڵتۆسێر(ئاڵتۆسێر، وەرگێڕدراو بە فارسی،١٣٩٨[٢٠١٩]) و(زوارت، ٢٠٢٢) ئیدیۆلۆژی مێژوویی نییە. واتە لەو کاتەوە مرۆڤ بە پێی بەها کۆمەڵایەتییەکان و نەریتە تایبەتەکان ژیاوە، لە بەستێنی ئیدیۆلۆژیدا دەژییێت. وەک ژیژەک بە گێڕانەوە لە مارکس دەڵێت؛ ئیدیۆلۆژی لە کردار و هەڵسوکەوتدا ڕەنگ ئەداتەوە(مایرز، ٢٠٠٤). دەتوانین بڵێین هەڵسوکەوتی مرۆڤە ئەبیاتەخانەی ئیدیۆلۆژییەکی تایبەتەوە، نەک دروشم و ڕاگەیاندن و پێداگری بە وتە و دەق. تەنانەت دەقی زانستیش ڕەهەندێکی ئیدیۆلۆژیانەی هەیە. لە سەردەمی مۆدێرندا سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ لە ئیدیۆلۆژیدا دەژی، خودی ئیدیۆلۆژییەکان، بەپێچەوانەی

دەورەی پێش مۆدێرن بە ناسنامەوە نەبەسراونەتەوە. ئیدیۆلۆژی لە پێش مۆدێرندا سەرەڕای ئەوەی سەردەمێکی لێوانلێو لە دژوازی وکاولکاری و داگیرکاری و کوشتن و برین بوو، لە ناسنامەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. بەڵام لە چاخی مۆدێرندا سەر هەڵدانی ئیدیۆلۆژی بە ناسنامەی کۆمەڵگایەکەوە نابەسرێتەوە. تەنانەت هەوڵ دەدرێت بە سەر کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بسەپێنرێت.. وەکچۆن مارکسیزم- لینینیسم بە سەر کۆمەڵگای نەریتیی ڕووسیادا سەپێنرا. ئەگەر لە سەردەمی پێش مۆدێرندا سیستەمی هێماییی جیهان ژینێکی تایبەت - وێڕای ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جیهان ژینەکانی تردا- بیچم و سەقامی گرتبوو، لە چاخی مۆدێرندا دەسەڵاتە سیاسییەکان کە هەڵگری ئیدیۆلۆژیی خۆیان بوون، وێڕای ئیدیۆلۆژییە گشتگیرەکان دەستیان لە جیهان ژینەکان تێوەردا. ئیدیۆلۆژییەک کە پەیوەندیی بوونناسانەی لەگەڵ کۆمەڵگای مەبەست نەبێت یان خۆی بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە نەگۆڕابێت، لە خانەی وەهم نزیک دەبێتەوە. هەر بۆیە دەگوترێت ئیدیۆلۆژی ڕاستییەکی درۆیە(مایرز،٢٠٠٤). لێرەدا بنەمای ئۆنتۆلۆژییانەی پێویست بوونی دیاری کردنی یەکەی شیکردنەوەی کوردستان دەردەکەوێت. وێڕای یەکەی ناسنامەیی جیاواز ، کوردستان شێوازی "بوون"ی تایبەت بە خۆی هەیە. پێویستە بە پێچەوانەی بزاڤە ئیدیۆلۆژییە ناتەواوەکان، بپەرژێینە سەر کوردستان وەکوو شێوازێک لە بوون. جوگرافیا، زمان، شێوەی ژیان، کەلتوور و میکانیزمەکانی پێکەوە ژیان. شێوازی بوونی جیاواز لەوانی تر لە دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی لەگەڵ شێوازەکانی تری ژیاندا دەردەکەوێت. ئەمین زەکی بەگ دەڵێ لە سەردەمێکی درێژخایەندا، تەنانەت بە سەردەمی خەلافەتیشەوە ناوی کوردستان ئاماژەی پێ نەکراوە. لە سەردەمی سەلجووقیدا ئیالەتی کوردستان دامەزراوە. سەرەڕای ئەوەی گشت خاکی کوردستانی لەخۆنەگرتووە(زەکی بەگ، ٢٠٠٦). کوردستان لە کتێبەکەی مەحموود ئەلکاشغەریدا، لە وێنە جوگرافییەکەیدا، بە ئەرزولئەکراد(ارض الاكرا) لە نێوان حودوودولمیسر(حدودالمصر) و ئازەربایجان و ئەرزولعەراقەین(ارض العراقين)دا دەهێنێتەوە(کاشغەری، ١٠٧٩). ئاماژەکەی کاشغەری بۆیە گرینگە کە جوگرافیا و شێوە ژیانی تایبەتی کوردستان لەوێرا زۆرتر زەق دەبێتەوە کە لەو سەردەمەدا کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئال زەنگی، حکوومەتێکی تورکماندا بووە. بەڵام وەکوو واری کوردان ناوی هاتووە. واتە جیاوازیی شێوەژیان لە واری کورداندا نەبەسراوەتە دەسەڵاتی سیاسییەوە.

سەرەڕای ئەندازیاریی دەسەڵاتداری لە کوردستاندا لە لایەن ڕووم و عەرەب و عەجەمەوە و دەست تێوەردان لە دێمۆگرافی، ئابووری و ئایین، لە سەردەمی پێش مۆدێرندا(مستەفا ئەمین، ٢٠٠٥)، (برۆنسێن، وەرگێڕراوی ١٩٩٩)، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کەلتووریی کوردستان لە خۆیدا بەرهەم دەهاتەوە. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا و هەوڵ بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستان، جیهان- ژینی کوردی ڕووبەڕووی گۆڕانی بەرچاو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتووریدا بووەوە. لە وەها دۆخێکدا پرسی ژن لە ڕێڕەوی ئیدیۆلۆژییە هاوردەکانەوە هاتە بەستێنی کوردستان. تۆڕێک لە خەساری مەعریفی و کۆمەڵایەتی- سیاسی بۆ هاتنی فێمینیزم ڕاخرابوو.

وێنای ناسنامەیی ژن لە کوردستاندا:

دوو وێنای پێش مۆدێرن و مۆدێرن لە ناسنامەی ژنی کورد دەهەڵێنجرێت. وێنا پێش مۆدێرنەکەم لە ڕشتەی مرواری مامۆستا عەلائەددینی سەجادی(سەجادی، ١٩٥٧) و عادادات و ڕسووماتنامەی ئەکرادییەی مەلا مەحموودی بایزیدییەوە(بایزیدی، ؟) و وێنای مۆدێرن لە خوێندنەوەیەک لە دامەزرانی دەوڵەتانی ڕواڵەت مۆدێرنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەم لاوە هەڵێنجاوە.

لە وێنای پێش مۆدێرندا ئەم تەوەرانە ئەهەڵێنجرێن.

١- چالاک بوونی ژنان لە ڕاپەڕاندنی ماڵداری، منداڵداری و فرمان(کشتوکاڵ و ئاژەڵداری)دا

٢- چالاک بوون لە پەیوەندیی کومەڵایەتیدا بە هۆی ئەرک هەڵگرتنی خێوەتداری و مێوانداری و ئاڵوگۆڕی شتومەکەوە، لە نەبوونی پیاواندا

٣- جیاوازیی دەوری ژنان لە شێوەژیانی کۆچەری و نیشتەجێیدا. ژنی کۆچەر جمشتی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئابووری و شەڕکردندا زۆرتر بووە. ژنی شاری کەمتر لە کۆمەڵ و جەماوەردا دەردەکەوت.

٤- ژن دەیتوانی، وەکوو مەلا و شێخ و ئاغا، داڵدەی پیاوان بدات، بەو هۆیەوە کە دەست بەرزۆکردن لە ژنان لە جوامێری و پیاوەتییەوە نەبوو. داڵدەی ئاغا بە هۆی دەسەڵات ، داڵدەی شێخ و مەلا بە هۆی پێگەی ئایینی- پیرۆزی-یەوە بوو.

٥- ژنی لێهاتوو لە فرمان و هەڵسوکەوت و شەڕکردندا تا ئاستی پیاوان بەرز دەکرایەوە. هەر بۆیە کەسانێک بە ناوی دایکیانەوە دەناسران. بۆ مێناک عەبە خاتوون، حەسەن ڕێحان، حەمە خەجێ.

٦- بەها خێڵەکییەکان لەسەر خۆشەویستی دژوازبوون. لە لایەکەوە بەربەست بوون، لە لایەکی ترەوە بە نێوەنجێتیی ئاغا و شێخ و مەلا کچ و کوڕی ئەوینداریان لێک مارە دەکرد. ژنێک کە بەدەر لە هاوژینی پەیوەندیی ببووایەت، بە نهێنی دەکوژرا و دەنێژرا و لە بیر دەچووەوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەرهاوێشــتەی ئەم شــەش خاڵە دەرهاوێشــتەی بنەمایی"پێگەی ژنان بەهۆی کارکردی کۆمەڵایەتی- ئابووری"یەوەیە. خاڵی ناوەڕاستی ئیدیۆلۆژیی شـێوەژیانی خێڵەکی "مانەوەی پێکهاتەی خێڵ" بووە. هەر بەو پێیەش ئەرکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و... دابەش دەکرا. تەنانەت مەرگ و ژیانیش لە پێناو ئەوەدا بوو. ئەقڵییەتی مانەوەمان لە هرزە سـیاسـییەکاندا درێژکراوەی بنەمای هزریی خێڵەکییە.

لە وێنای ژن لە سەردەمی مۆدێرندا ئەم تەوەرگەلە دەهەڵێنجرێن.

١- دەوری ژنـان لە ئەرکی کۆمەڵایەتی- ئـابووریـدا گۆڕدرا. پێکهـاتەی خێـڵ- بەتـایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتـانـدا هەڵوەشـایەوە، سـیسـتەمی ئابووریی خێڵەکی هەڵوەشـایەوە. پیشــە و ئابووری و داهات ڕاسـتەوخۆ لە ناوەندەکانی دەســەڵاتەوە کۆنترۆڵ دەکران.

٢- ڕۆڵی پەروەردەی خێڵەکی درا بە دام و دەزگای پەروەردەی ناوەندی دەســەڵات. کچ، بەتایبەت لە شــارەکاندا، تا دەهات دەوری نەریتیی دەگۆڕدرا. خوێندەواری بە سیستەمی ناوەند لە ناو ژناندا پەرەی سەند (مورادینیا و موتەللبی، ١٣٩٨ی کۆچیی هەتاوی[ ٢٠١٩]).

٣- سەرەڕای ئەوەی ژنان لە بزاڤە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکاندا چالاک بوونەتەوە، کاراکتێرەکەیان پیاوانەیە.

٤- خەسارەکانی دەورەی پێش مۆدێرن لە پێگەی دووەمی ڕەگەزییەوە تا کوشتن و ئازاریان بەردەوامە.

٥- لە پیشە و داهاتدا پاشکۆی پیاوانن.

٦- گیرۆدەی دژوازیی بنەما ئایینییەکان و ڕێسای مۆدێرنن.

٧- لە زانستدا بە خوێندەوەیەکی پیاوەمەزنانە لێیان دەڕواندرێت و تایبەتمەندیی ژنانەیان وەکوو لاوازی دێتە هەژمار.

بە تێکچوونی پێکهاتەی خێڵەکی و دانەمەزرانی پێکهاتەیەکی سیاسیی گشتگیر لە کوردستاندا، پەروەردەی ناڕەسەنی ناوەند- تەوەرکە بە زمان و ناوەڕۆکی نامۆ لە شێوەژیانی کوردستان هەوڵی پەروەردەکردنی منداڵی کوردی بە دڵخوازی ناوەندد دەدا و شــاڵاوی ڕەوتە ئیدیۆلۆژییە جیهانییەکان بە فێمینیزمیشــەوە و تێوەگلانی کوردســتان، وێنای ژنی ناڕوون و پڕدژوازی کرد. لە سـەرەتاکانی سـەدەی ٢٠دا بە دەگمەن ژنانێک دەرکەوتن کە بەرهەمی پێگەی کۆمەڵایەتیی بنەماڵە و لێهاتوویی خۆیان بوون. بۆ میناک حەبسـەخانی نەقیب کە بە پێی سـەردەمی خۆی ژنێکی پێشڕەو بوو. بەڵام بەگشـتی ژنی کوردستانی خاوەن ناسنامەیەکی دیار- وێڕای بگۆڕبوون- و جێی ئاماژە نەبووە و نییە.

خوێندنەوەی ئیدیۆلۆژییە جیاوازەکان لە ژن لەم سـەردەمەدا جێی سـەرنجە. هەندێ لە نەتەوەخوازەکان بە لاسـاییکردنەوەی پیشــە ســازیی کەلتووریی ســەردەســتان هەوڵیان دەدا وێنایەکی پێشــڕەو و ئازاد لە ژنی کورد نیشــان بدەن، چما کوردســتان کۆمەڵگایەکی ئازاد بووە. کۆمۆنیستەکان، ڕاکێشراوانی ناوەندەکانی دەسـەڵات و ڕەوتە ئایینی- سیاسییەکانیش بە شێوەی خۆیان لە ژن و پێناسەکردنی کەڵکاژۆیان دەکرد و دەیکەن.


یەکەم هەنگاو بۆ داڕشتنی ناسنامەی ژن پێناسـەکردنی بە کوردستانەوەیە. هەنگاوی دووەم تێگەیشتنە لە ئیدیۆلۆژیی فێمینیزم بەگشـتی و دیاری کردنی شـێوەی پەیوەندیی ژنی کوردسـتانییە بە فێمینیزمی گشـتییەوە کە بەرهەمەکەی دەبێتە بزاڤی فێمینیزمی کوردســتانی. بۆ پێناســە کردنی بە کوردســتانەوە پێویســتە وێنای نەریتی و درێژبوونەوەی ئەقڵییەتەکەی بۆ چاخی مۆدێرن و ئاڵۆزی و بێســەروبەرەیی ســەردەمی مۆدێرن لە پرســی ژندا لەبەرچاو بگیردرێن. بەم پێیە لەگەڵ تورێک لە خەســارەکاندا بەرەوڕووین کە یەکترین بەرهەم دێننەوە و پێویستە چەمکی ژن لەم خەسارانە بپاڵێورێت.

فێمینیزم بەگشتی و خەسارەکانی فێمینیزمی هاوردە:

لە دیکشنەرییەکانی لانگمەن و ئۆکسفۆرددا فێمینیزم یک واتای لێ هێنراوەتەوە. " باوەڕ بەوەی کە ژنان وەکوو پیاوان دەبێ ماف و هەلیان هەبێت و بەو پێیە هەوڵی بۆ بدرێت." لانگمەن و ئۆکسـفۆرد، ٢٠٢٣). لە ڕاسـتیدا فێمینیزم چەمکێکە کە مل بە یەکســانی واتا نادات. فرەجۆر و فرە دەرکەوتەیە(بێیزلی،١٩٩٩). بە هۆی گۆڕانی پێکهاتە و جمشــتی کۆمەڵایەتی- ئابووری، بەریەککەوتنی ڕێبازە ئیدیۆلۆژییەکان و پەرەســەندنی زانســت و زانیارییەوە پرســی ژن لە کۆمەڵگا، لە ئاسـت/ دژ/بەرانبەری پیاوان، لە پەراوێزەوە بوو بە پرسێکی گرینگی سەردەم.

دەق و ئەزموون لە فێمینیزمدا بەربڵاو و پەرتەوازەن. لێرەداهەوڵ ئەدرێت وێنایەکی گشــتی لە فێمینیزم بخرێتە بەرچاو. پرســیاری "فێمینیزم چییە؟" بەم شــێوە وەڵام دەدرێتەوە. دژکردەوە و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە لە زانســت و هزری باو لەبەر ئەوەی تێیدا بە درێژایی مێژوو ژن و پێگەکەی لە بەرچاو نەگیراوە یان خوار و بەناو ڕەگەزی پاشکۆی پیاوان چاوی لێ کراوە. سـەرهەڵدانی بزاڤی " هەوڵ بۆ مافی ژنان" لە سـەرەتاکانی سـەدەی ٢٠وە بە کردەوە دەستی پێ کرد. ئەم ڕوانگە لە بۆشـاییدا ســـەریهەڵنەدا، بەڵکوو لە بەســـتێنی ڕوانگە و ئیدیۆلۆژییەکانی تردا پەیدابوو و لە ســـۆنگەی ئەوانەوە هەوڵی داوە لە مافی ژن

بڕوانێت و دەستەبەری بکات. مارکسیزم، سووسیالیزم و لیبێرالیزم بوون بە بەستێنی بیچم گرتنی ڕەوتەکانی فێمینیزم. چارتی خوارەوە(بێیزڵی، ١٩٩٩) وێنایەکی ڕوونتر لە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بەستێنی فێمینیزم دەدات بە دەستەوە.


JS. Mill/Harriet Taylor
Marx/Engels
Liberal Feminism (eg Woll)
فێمینیزمی لیبێراڵ
Marxist Feminism (eg Vogel)
فێمینیزمی مارکسیستی
Radical Feminism (eg. Rich)
فێمینیزمی ڕادیکاڵ
Socialist Feminism
(e.g. Hartmann)
فێمینیزمی سووسیالیستی
Psychoanalytic Feminists فێمینیزمی دەروونشکارانە
French Feminists' (e.g. Ingaray)
فێمینیستە فەڕانسییەکان
Freudian Feminists (eg. Chodorow)
فێمینیستە فرۆیدییەکان
Derrida/Foucault
Freud/Lacan
Postmodern
Poststructuralist
Feminists (e.g Butter)
فێمینیستە پۆستمۆدێرن/ پاش
پێکهاتەخوازەکان
Feminists concerned with Race&
Ethnicity (eg hooks)
فێمینیستە ڕەگەز/ نەتەوە/ کەمینە تەوەرەکان

وەک لە چارتەکەدا دەردەکەوێت بۆچوونی بیرمەندە جیاوازەکان لە بەستێن و پارادایمە جیاوازەکانەوە بوونەتە هۆی ئاراستەی جیاواز لە ڕوانگەی فێمینیزم و چالاکیی فێمینیستیدا.

لە درێژەی سەرهەڵدان و گۆڕانکاریدا، فێمینیزم لە زانست کەڵکی وەرگرتووە. وێڕای ڕەخنەگرتن لە لقە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤییەکان، بۆ بەڵگەمەندکردنی خۆی لە دەق و توێژینەوەی زانستی کەڵکی وەرگرتووە. بۆ وێنە لێکۆڵینەوەی کیلیگان لەسەر جیاوازیی ڕەوتی پێگەیشتنی ڕەوشت لە ژناندا لە بەرانبەر ڕوانگەی کۆلبێرگ بۆ پێگەیشتنی ڕەوشت لە مرۆڤدا کە لەڕاستیدا پێگەیشتنی پیاوانی کردبوو بە بنەما. کۆلبێرگ دەڵێ؛ بەرزترین ئاستی پێگەیشتوویی لە ڕەوشتدا بە بنەماگرتنی مرۆڤە. تاک لەم ئاستەدا سەربەخۆیە و سەرتر لە ڕێساکان بۆ هەڵسوکەوت دەڕوانێ و لە هەلومەرجێکدا کە مرۆڤێک پێویستییەتی دەبێ ڕێسا پێشێل بکرێت. بەڵام ئەمە خوێندنەوەیەکی پیاوانەیە و لە ژناندا بەرزترین ئاست دەبێتە پەیوەندی و دڵبەستەبوون. ئاستێک کە لە خوێندنەوەی کۆلبێرگدا لە پێگەیشتوویيدا مامناوەندە(شارف،٢٠٠٨). میناکێکی تر بیردۆزەی کارێن هۆرنەی(Karen Horney) لە بەستێنی دەروونشیکاریدا، وێڕای ڕەخنەی بنەمایی لەبیردۆزەی فرۆید(هۆرنەی، ١٩٩٣)، لە بزاڤی هزریی-کۆمەڵایەتیی ژنان لە ٦٠ەکانی سەدەی ٢٠دا کاریگەریی بەرچاوی هەبوو(فیست و فیست، ٢٠١٢). فێمینیزم ئیدیۆلۆژییەکی مۆدێرنە و لە ئیدیۆلۆژییەکانی تر بۆ سەقامگیرکردنی خۆی کەڵکی وەرگرتووە. خۆبەڵگەمەند کردن بە زانست و دیاریکردنی شێوەپەیوەندیی چالاکیی فێمینیستی لەگەڵ ئیدیۆلۆژییەکانی تردا دوو خاڵی گرینگن کە فێمینیستەکان لە کوردستاندا دەستەبەریان نەکردووە. لە توێژێکی قووڵتردا- ئەم ئاستە مەعریفەناسانەش بزرە- کاریگەریی ئاخێزگە لەسەر هزر و ئیدیۆلۆژی و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ئاخێزگەیە لەبەرچاونەگیراوە. جیاوازیی ڕەوتە جیاواز و یان دژوازە فێمینیستییەکان ڕاستەوخۆ بۆ جیاوازیی ئاخێزگە دەگەڕێتەوە. ئاخێزگە بە واتای کۆمەڵگای تایبەت، دونیابینی ئەو کۆمەڵگا، هەلومەج و بارودۆخی سیاسی-مێژوویی- کۆمەڵایەتی و ئاستی زانست و بەستێنی ئیدیۆلۆژی.

وێڕای ئاخێزگە، سەرنج دان بە ڕەوتی هاتن/هەنارده/هاوردە کردنی ئیدیۆلۆژی و زانستی فێمینیستی- وەکوو هەر ڕێچکە و ڕێبازێکی هزری- کۆمەڵایەتیی تر - لە تێگەیشتن لە دۆخی هەنووکە، بەتایبەت بۆ کوردستان، بنەماییە. هاتن، هەنارده و هاوردە کردن ئاماژە بە یەک ڕەوتی " گەیشتنی فێمینیزم بە کوردستان" دەکەن. بەڵام میکانیزم و ویست لە هەر سێیاندا جیاوازە. هاتن ئاماژەیە بەتەشەنەی ئاسایی بیرۆکە، یان دابونەریت کە لەودا کۆمەڵگا جیاوازەکان لە ئاڵوگۆڕدان. گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی ئاسایی دەچێتە ئەم خانەوە.هەنارده کردن واتە ناوەندێکی دەسەڵات ئیدە و یان نەریتێک لە ڕێی جۆراوجۆرەوە هەناردەی پەراوێزەکانی خۆی بکات. وەکچۆن سۆڤیەت ئیدیۆلۆژیی مارکسیزم- لێنینیزمی هەناردەی ناوچە و وڵاتانی پەراوێزی خۆی دەکرد.هەر وەها وەکچۆن لە سەردەمی پەهلەویدا ناوەندێک پێکهێنرابوو و ناوچە نافارسەکانی بە پەراوێزناودێر دەکرد، بوو بە هەوێنی ئەوەی حیزبی توودە هەر لەو ڕێڕەوەوە پەل بهاوێتە ناوچەکانی تر. حیزبی توودە داکۆکیی لەتەمامیەتئەرزیی ئێران دەکرد.، بۆ ئەوەی ئەو ناوەندە پێکهێنراوەی بە بەڵگەنەویست هەژمار دەکرد و هەر بەوپێیە هێشتنەوەی خۆی لە پێگەی ناوەنددا مسۆگەر دەکرد. سا هەنارده کردن ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە هێز و باڵادەستییەوە هەیە. چ لە ناوخۆی سنوورێکی سیاسی یان لە دەرەوەی ئەو. گرینگ ساز کردنی هاوکێشەی ناوەند- پەراوێزە. ئیدیۆلۆژییە سەقامگرتووەکانی تاران هەر بەم چەشنە ئیدە و بەرهەمە کەلتووری و ئەدەبییەکانی خۆیان هەناردەی پەراوێزەکان دەکرد. ئەمە بە زەقی لە فێمینیزمدا دەبینرێت. هاوردە کردن واتە تاک یان تاقمێک، ئیدە و بەرهەمی بیچم گرتوو لە ناوەندی دەسەڵاتەوە، بێ دەست تێوەردان، بباتە ناو کۆمەڵگای خۆیەوە. وەکچۆن لایەنگرانی پەهلەوی یان حیزبی توودە لە کوردستاندا وەها دەجووڵانەوە. ئەوانەی لە کوردستاندا خۆیان بە چالاکی فێمینیستی دەناسێنن، هەر بەو ئاقارەدا ڕۆیشتوون. زانست و مەعریفەی گشتی، لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا، کاتێ ژیندارو واتادار دەبێت کە بیرمەند و چالاکانی ئەو کۆمەڵگا لە کاریگەریی سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ئیدیۆلۆژیی ئاخێزگە و ڕەوتی هاتن/ هەنارده/ هاوردە کردنی زانست ئاگامەند ببنەوە. خاڵی کۆتایی جێ ئاماژە زەقبوونی ڕەهەندی سیاسیی فێمینیزمە. ڕەوتی فێمینیستی کە بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان لە کۆمەڵگادا هەوڵ ئەدات، ڕووبەڕووی پێکهاتەی سیاسیی ئەو وڵاتە دەبێتەوە. بۆ ئەوەی کە گۆڕینی ڕێسا و شێوەی دەسەڵاتداری پێشمەرجی گۆڕینی بنەما کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی ژناندایە.

فێمینیزم لە کوردستاندا ئەم خاڵانەی نەپێکاوە. ١) دیاریکردنی یەکەی شیکردنەوە. ٢) دەربازبوون لە پابەستەیی و پاشکۆبوون. ٣) ئاراستەی سیاسی بەخۆگرتن. ٤) دامەزراندنی سیستەمی مەعریفی لە ئاستە جیاوازەکاندا(ئێپیستمە، تێۆری، میتۆد و لێکۆڵینەوە.). وردبوونەوە لەم خاڵانە سەرنجمان دەخاتە سەر دەروازەیەک بەرەو فێمینیزمی کوردستانی.

دەروازەیەک بەرەو فێمینیزمی کوردستانی:

بۆ پێکهێنانی ئەم دەروازەیە چوار بنەماکە پێویستە. سێ خاڵی یەکەی شیکردنەوە، وێنای ناسنامەی ژن لە کوردستاندا و فێمینیزم بەگشتی لێکدرانەوە. خاڵی چوارەم، وێڕای جمگەبەندی و واتادارکردنی ئەو سێ خاڵە پێکەوە، کارلێکی و گۆڕانکاری

لە هەرکامدا بە پێی ئەو کارلێکییە دەخاتە بەرباس. کارلێکی سێ خاڵی باسکراو بەستێنی پێکهێنانی فێمینیزمی کوردستانییە. لە باری ئیدیۆلۆژییەوە ئەگەر لە فێمینیزمی گشتیدا دالّلی گەورە " ژن"ە- کە لەڕاستیدا بە شێوەی پەتی ڕوویەداوە و ژن لە پێگەی دالّلی گەورەدا ئاوەڵنایکی هەیە. ژنی سووسیالیت، ژنی لیبێرالیست، ژنی ڕەش، ژنی هێندی و....-، لە فێمینیزمی کوردستانیدا دالّلی گەورە دەبێتە " ژنی کوردستانی". ئاوەڵناوی کوردستانی بازنەی ئیدیۆلۆژیی فێمینیزم لەگەڵ ناسنامەی کوردستاندا دەقاودەق دەکات. کارلێکیی یەکەی شیکردنەوە و فێمینیزم بەم شێوەیە کە " گرێگەکان(Point do Kapito)*ی زەقەوەبوو لە ئیدیۆلۆژیی کوردستانی و فێمینیزمدا یەکترین تەواو دەکەن. فێمینیزم ڕەهەندی ژن لە کوردستانی بووندا دێنێتە ڕوو. بۆ میناک زمانی کوردی یەک لە گرێگاکانی کوردستانی بوونە. فێمینیزم بە وەرگرتنی زمانی کوردی بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە و بەرهەم هێنان لە خۆیدا، لە زمانی کوردیدا ڕەهەندی ژن – لە سێکسیزمی زمانییەوە تا گۆڕانی وشە و زاراوە و... – دێنێتەگۆڕێ. جمشتی کۆمەڵایەتی، هێما نەتەوەییەکان، حیزب و لایەنی سیاسی، پیشە و ئابووری، کەلتوور، مێژوو و... هەر بەو شێوازە گۆڕانیان بەسەردادێت.

کاریگەریی مەعریفە و زانستی گشتی سەرەڕای هاڵۆزی و نایەکانگیربوون، بۆ هەڵێنجانی وێنای ژن لە یەکەی شیکردنەوەدا پڕ پێویستە. هەڵێنجان بە بێ چەمک و بنەما و میتۆدی زانستی مسۆگەر نابێت. ژێرخانی مەعریفەناسی تێۆری و توێژینەوەی لە سەر دادەمەزرێت و هەر لەم ڕێرەوەوەیە بزاڤی کۆمەڵایەتی ستراتێژی و ئاراستەی ڕوون دەگرێت. ئاراستەیەک کە لە هەناوی ناسنامەی کوردستانەوە سەرهەڵئەدات و بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. ژێرخانی مەعریفی میتۆدی شیکردنەوە دیاری دەکات و چەمک و دەرهاوێشتەی زانستی دەخاتە خزمەت توێژینەوە لەسەر یەکەی شیکردنەوە. بەستێنی کارلێکیی ئەم سێ بنەمایە واتا و کارکردی هەر سێکیان دەگۆڕێت.

کوردستان(یەکەی شیکردنەوە) دەبێتە پێوەری خوێندنەوەی ژن و بەرهەم هێنانی زانست، نەک ڕوانگە جیهانی یان ناوەندەکانی دەسەڵات کە پەیوەندی جیهان- ژینییان بە کوردستانەوە نییە.

زانستی گشتی بە پێوەری میتۆدی زانستییەوە ئاخێزگەیەکی تری دەبێت. زانست لەسەر یەکەی کوردستان بەرهەم دێت و وەکچۆن زانستی بەرهەمهاتوو لە جیهاندا بڵاوبووەتەوە، ئەمیش بە ئەندازەی زانستیبوون و بەکەڵک بوون بڵاو دەبێتەوە. واتە زانست لەسەر یەکەی کوردستان دەبێتە بەشێک لە پاشخانی گشتیی زانست.

ناسنامەی ژن کانستراکشێن(Constraction)ێکە کە لە پەیوەندیی زانست و مەعریفەی گشتی و یەکەی شیکردنەوە و ئیدیۆلۆژیی فێمینیزمدا واتای خۆی دەبینێتەوە. کە باسی ژن دەکرێت، لەڕاستیدا باسی ناسنامەی ژن دەکرێت. ناسنامە(Identity) چەمکێکی مۆدێرنە. وێڕای تایبەتمەندییە گشتییەکانی ڕەگەزی ژن، هەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەک تایبەتمەندیی خۆی دەدات بە ئەندامانی خۆی. ناسنامەی ژن هەندێ تایبەتمەندیی تایبەت بۆ کۆمەڵگای خۆی هەیە. هەر ڤەسا بازنەکە بۆ بنەماڵە و تاکەکەس بچووک دەکرێتەوە، تایبەتمەندییەکان تایبەتتر دەبن. سا ناسنامەی ژن لە تایبەتمەندییە تاکەکەسی، بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی و جیهانی پێکهاتووە. کارلێکیی ئەم جمگەگەلە لە ئاستی تاکەکسدا جیاوازە. واتە ئەم جمگەگەلە لە هەر تاکێکدا جمگەبەندیی جیاواز دەگرێت.

خاڵی کۆتایی جێئاماژە وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە بیرمەند/توێژەر/چالاکی فێمینیست چۆن کەسێکە؟ لە زەینی هەر کەسدا ئەم پرسیارە جیاواز دەوروژێت. یەک دەڵێ دەبێ ئەو کەسە لە چ ڕەگەزێک بێت؟ یان ئاست و بواری خوێندەواریی چی بێت؟ لەڕاستیدا " چۆن کەسێک بێت؟" پرسیارەکە دەباتە دۆخێکەوە کە بەپێی بارودۆخ وەڵامی جیاوازی پێ بدرێتەوە. هەر ئەم شێوە پرسیارکردنەش لەگەڵ چەمکی سەرکی فێمینیزمدا یەک دەگرێتەوە. لە ئاستی مەعریفی- زانستیدا بیرمەند و توێژەر پێویستە لە ئەزموونی ژیانی ژنانە تێبگات. واتە لە سۆنگەی ژنەوە بڕوانێت بە جیهان. دەوری ژنان لەم بەشەدا گرینگە، بۆ ئەوەی کە لە ڕەوتی پیاوەمەزنانەدا تێگەیشتن لە ئەزموونی ژیانی ژن ناگونجێ. ئەو ژنانەی کە بە پەروەردەبوون لە ستروکتوورییەکانی کۆمەڵگا دەرباز بوون و لە ئاستی دەروونیی دژکردەوە تێپەڕیون ڕچەشکێنی ڕاستەقینەی فێمینیزمی کوردستانین. بە پێوەری زانست و دەربازبوون لە چەقبەستوویی، پیاوانیش دەتوانن بەشداری ئەم بزاڤە ببن. هەر بۆیە فێمینیزم نابەسرێت بە ڕەگەزی ژنەوە. ئەگەر ئە م بەسرانەوە هەبێت، پیاوەمەزنی جێی خۆی دەداتە ژنمەزنی و ئەمە بە واتای پاتەبوونەوەی میکانیزمی هەڵاواردنی پێشووە. دەوڵەمەندکردنی ژێرخانی هزری بەرچاوڕوونی دەداتە چالاکانی کۆمەڵایەتیی بواری ژنان. لێرەدا کارلێکیی ژێرخانی هزری و چالاکیی کۆمەڵایەتی- بە ڕوانینێکی فرەڕەهەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری ، پەروەردەیی و....- دەبێتە میکانیزمی پەیوەندیی بیرمەند/ توێژەر و چالاکانی کۆمەڵایەتی. خەسارێک کە لە تەواوی ڕەوتە هزری کۆمەڵایەتییەکاندا بەرچاوە لێکدابڕانی بیرمەندان و خوێندەواران لە چالاکیی مەدەنی- سیاسییە.

**ئاکام:**

خاڵی دەسپێک لە هەر بزاڤێکی هزری- کۆمەڵایەتیدا خەسارناسیی دۆخی هەنووکەیە و ئەم خەسارناسییە، بەپێی بابەت، تا هەر کوێ پێویست بێت لە مێژوودا ڕۆدەچێت و دیاردە و ڕووداو و کارلێکییەکان، بە ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە، لێکدەداتەوە. بەم بەرچاوڕوونییەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە زانست بزاڤەکە بەگەڕ دەکەوێت و بەردەوام خۆی نوژەن و بەڕۆژ دەکاتەوە. فێمینیزم وەکوو بزاڤێک لە کوردستاندا هەیە. بەڵام بە هۆی بزربوونی چواربنەمای ئاماژەپێدراو نەیتوانیوە بەر بە لێشاوی خەسار و ئازارەکانی ژنان بگرێت و جمشتی کۆمەڵگا بخاتە خزمەت چارەسەرکردنی کێشەکانەوە. قۆناغی یەکەم نووسین و بەرهەمی زانستییە وئەم وتارە هەوڵی داوە دەروازەی نووسین بە ڕووی ئەم پرسەدا بە شێوەیەکی جیاواز بکاتەوە و بۆ لێکۆڵینەوە ئەم پێشنیارانە ئاراستەی توێژەران دەکات.

1 - هەڵێنجانی ڕوونتری وێنای ژن لە دەقە مێژووییەکان و ئەدەبی زارەکی و نووسراوەی کوردیدا

2 - هەڵێنجانی وێنای ژنی کورد لە سۆنگەی نەتەوەکانی دراوسێ- بەتایبەت توێژەرەکانیانە-وە و یان گەڕۆک و توێژەرانی ڕۆژئاواییەوە.

3 - گردوکۆکردنی دەقی فێمینیستیی پشتبەستوو بە زانست لە ئاستی جیهاندا بۆ دەوڵەمەدکردنی ژێرخانی مەعریفی

4 - خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە لە پێگەی ژن لە ڕەوتە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان، بە سیاسی و ناسیاسییەوە.

- چەمکێکی لاکانییە و پێکهاتەی بابەتی هێمایین وێنا دەکات. شوێنی تەقەڵ و درووومان کە دەبێتە هۆی ڕاگیرانی دوخت و پێکهاتەی بەرگ/ باڵنج و... بیرکردنەوە و هەڵێنجان لەسەر بابەتێک و لا بەستێنی واتایی تایبەتدا تا پۆینت دو کاپیتۆ بڕ دەکەن. واتە زنجیرەی داڵەکان تا سنووری ناسنامە دەڕۆن(مایێرز،٢٠٠٤).


**سەرچاوە کوردییەکان:**

1- بازیدی، مەلامەحموود. (؟). عادات و ڕسووماتنامەی ئەکرادییە(داب و نەریتی کورد). وەرگێردراو لە ڕووسییەوە[ وێرای دەسنووسەکەی مەلا مەحموودی بایزیدی کە م م ڕۆدێنکۆ کردبووی بە ڕووسی] پ شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم، ٢٠١٥. ناوەندی مێژوویی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی. سلێمانی

2- چەلەبی، ئەولیا.(؟). سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی. وەرگێڕاوی سەعید ناکام و سلێمان ئیبراهیمزادە پێداچووەتەوە، ٢٠١٨، چاپەمەنیی مانگ. بانە

3- زەکی بەگ، محەممەدئەمین. (٢٠٠٦). خولاسەیەکی تاریخی کوردوکوردستان؛ لە زۆر قەدیمەوە تا دەورەی ئەمڕۆ. بنەکی ژین. سلێمانی

4- سەجادی، عەلائەددین.(1957). ڕشتەی مرواری. Books.vajin.net

5- ڤان برۆنسەن، مارتین. (؟). ئاغا، شێخ، دەوڵەت. وەرگێڕاو لە ئاڵمانییەوە کوردۆ. بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ١٩٩٩. چاپی سەردەم. سلێمانی

6- کەریمی، ئەییووب. قۆناغبەندیی مێژووی کوردستان. گۆڤاری زانستی مرۆیی، ساڵی دووهەم، ژمارە یەک، پاییزی ٢٠٢١

7- لل ٤٧- ٥٧

8- مستەفا ئەمین، نەوشیروان. (٢٠٠٥). کورد و عەجەم؛ مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتێژیی کوردستان. سلێمانی

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1- Beasley, Chri.(1999). What is Feminism?: an introduction to feminist theory. SAGE Publications

2- Creswell, J. W., & Plano Clark, V. L. (2018). Designing and Conducting Mixed Methods Research (3rd ed.). Thousand Oaks, CA: SAGE

3- Feist,Gregory; Feist,Jess; Roberts,Tomi- Ann.(2012). Theories of Personality. McGraw-Hill Humanitiesl

4- Heidegger,Marttin.(1927).Being and Time. Translated by John Macquarrie and Edward Robinson,2001. BlackwellPublishers Ltd,108Cowley Road,Oxford OX4 1JF. UK

5- Horney, Karen.(1993). Feminine Pschology. Norton Publisher, midtown Manhattan, across from the New York Public

6- Longman Dictionary English.(2023)

7- Myers, Tony.(2004). Slovoj Žižek(Routledge Critical Thinkers). Published by Routledge ,a member of Taylor and Francis Group

8- Sharf,Richard S.(2008).Theories of Psychotherapy and Counseling: Concepts and Cases.Thomson/Brooks/ColePublisher Company

9- Zwart, H. (2022). Louis Althusser: Science and Ideology. In: Continental Philosophy of Technoscience. Philosophy of Engineering and Technology, vol 38. Springer, Cham. https://doi.org/10.1007/978-3-030-84570-4_5

**سەرچاوە فارسییەکان:**

1- آلتوسر، لويی.(؟). علم ايدئولوژی. تدوين و ترجمه‌ی مجيد مددی، ۱۳۹۸[ ۲۰۱۹]. انتشارات نيلوفر. تهران رسولی، حسين؛ دهقانی، رضا؛ کريمی، عليرضا .سياستهاي زباني پهلوي اول در کردستان و پيامدهاي آن)با تأکيد بر مدارس)مطالعات تاريخ فرهنگي؛ پژوهشنامه‌ي انجمن ايراني تاريخ سال هشتم، شماره‌ي سي‌ام، زمستان 1395 ،صص76-77.

2- فاميلی، شيرين. (2008). واقعيت ختنه زنان در کردستان و قربانيان آن. www.radiofarda.com

3- کاشــغری، محمود بن حســين بن محمد (۱۰۷۹)نامها، صــفتها، ضــميرها و پســوندهای ديوان لغات الترک محمود کاشغری .ترجمه و تنظيم دکتر سيدمحمد دبيرسياقی، ۱۳۷۵(۱۹۹٦). تهران :پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

4- مرادی‌نيا، محمدجواد؛ مطلبی، مطلب .مدارس نوين و آموزش دختران در مناطق کردنشـــين. فصـــلنامه‌ی علمي - پژوهشـي تاريخ اسـلام و ايران دانشـگاه الزهرا. سـال بيسـت و نهم، دوره جديد، شـماره 41 ،پياپی 131، بهار 1398/ صـفحات 139-161.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034